# ئیخلاص

## چییە؟ چۆن دێتە دی و بە چی هەڵدەوشێتەوە؟

### وریاکردنەوە لەچەند هەڵەیەك و لابردنی چەند دوو دڵییەك!

مامۆستا خالد أحمد

بسم الله الرحمن الرحيم

الحمدلله وحده و الصلاة و السلام على من لا نبيَّ بعده :

خوای گەورە فەرموویەتی :

(تَبَارَكَ الَّذِي بِيَدِهِ الْمُلْكُ وَهُوَ عَلَى كُلِّ شَيْءٍ قَدِيرٌ الَّذِي خَلَقَ الْمَوْتَ وَالْحَيَاةَ لِيَبْلُوَكُمْ أَيُّكُمْ أَحْسَنُ عَمَلاً وَهُوَ الْعَزِيزُ الْغَفُورُ)[1] .

واتە : ئەو پەروەردگارەی کە مردن و ژیانی دروست کردووە بەمەبەستی ئەوەی تاقیتان بکاتەوە کامەتان خاوەنی باشترین کردەوەن، (فُضَیل)ی کوڕی عـیاض لە لێکدانەوەی ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی:

هەر کردەوەیەك، کە بەندە ئەنجامی‌دەدات پێویستی بە دوو مەرج هەیە بۆ ئەوەی بەباشترین کردەوە دابنرێت:

یەکەم : ( **الإخلاص** )

واتا: تەنها لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگار بکرێت.

دووەم: (**الصواب** ) .

واتا: بەو جۆرەبێت، کە لە پێغەمبەرەوە ﷺ هاتوە، واتا لەسەر سونەت بێت. هەر لەم بارەیەوە پەروەردگارمان دە فەرمووێت:

(بَلَى مَنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَلَهُ أَجْرُهُ عِنْدَ رَبِّهِ وَلا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلا هُمْ يَحْزَنُونَ)[2]

(وَمَنْ أَحْسَنُ دِيناً مِمَّنْ أَسْلَمَ وَجْهَهُ لِلَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ وَاتَّبَعَ مِلَّةَ إِبْرَاهِيمَ حَنِيفاً وَاتَّخَذَ اللَّهُ إِبْرَاهِيمَ خَلِيلاً)[3] .

---

(١) (الملك:١-٢)

(٢) (البقرة:١١٢)، (٣) (النساء:١٢٥)

(وَمَن يُسْلِمْ وَجْهَهُ إِلَى اللَّهِ وَهُوَ مُحْسِنٌ فَقَدِ اسْتَمْسَكَ بِالْعُرْوَةِ الْوُثْقَى وَإِلَى اللَّهِ عَاقِبَةُ الأُمُورِ) [٤] .

واتە: باشترین دینداری ئەوەیە كە ئەم دوو مەرجەی گرتبێتە خۆ:

(اسلام الوجه) واتە تەنها لەبەر ڕەزامەندی خوا بێت، ئیخلاسی تێدا بێت.

وە دووەم (وهو محسن)، واتە لەم عیبادەتەیدا شوێن كەوتەی پێغەمبەر ﷺ بێت و، لەسەر سونەتەكەی ئەو عیبادەتەكەی كردبێت.

وە پێشینانمان فەرمویانە هەر كردەوەیەك با زۆر بچوكیش بێت، كە بەندە ئەنجامی دەدات، دوو پەڕاوی بۆ دەكرێتەوە كە تیایاندا نوسراوە:

(لِمَ)؟ واتە: لەبەر چیو لەبەر كێ ئەم كارەت كردوە. ئایە لەبەر ڕەزامەندی پەروەردگار بووە و بە خاڵصی بۆ ئەو كراوە؟. چونكە خوای گەورە تەنها عیبادە تێك گیرا دەكات كە بەتەنها بۆ ئەو كرابێت.

(أَلا للهِ الدِّينُ الخَالِص) .

(كيف)؟ واتەچۆن عیبادەتەكەت ئەنجام داوە، ئایا كاتێك ئەم عیبادەتەی كرد بیری لەوە كردەوە، كە دەبێت بە جۆرێك بێت ، وەك چۆن پێغەمبەرمان ﷺ بۆی ڕوون كردوینەوە، یا بیدعە و ئارەزوی خۆی خستبوە ناو.

خوێنەری ئازیز، دوای ئەوەی بەكورتی بۆت ڕوون بووە، دوو خاڵە گرنگەكە كامەن، كە دەبێت لە هەموو كارێكماندا ڕەنگ بدەنەوە، ئێستاش با هەندێك زیاتر بچینە ناو حەقیقەتی خاڵی یەكەم، كە:

**(اخلاص)ە بابزانین!**

**( اخلاص ) چی یە؟**

**وە چۆن دێتە دی؟**

**وە بەچی هەڵدەوەشێتەوە؟**

**ئیخلاس بریتی یە لە تەنیا خوا مەبەست بوون لەعیبادە تەكاندا ، یاخود بریتی یە لە داماڵینی هەموو نیەتێكی دونیایی و، تەنها بە مەبەستی نزیك بوونەوە لە پەروەردگار، كارەكان ئەنجام بدەی .**

وە بێگومان، بەجێهێنانی ئیخلاس گرنگ ترین و گەورەترین بنەمای دینی ئیسلامیە.

وە پەروەردگارمان فەرمانی بەوە كردوە:

(وَمَا أُمِرُوا إِلاَّ لِيَعْبُدُوا اللَّهَ مُخْلِصِينَ لَهُ الدِّينَ حُنَفَاءَ) [٥]

وەهەروەها دەفەرمووێت :

(فَمَن كَانَ يَرْجُو لِقَاءَ رَبِّهِ فَلْيَعْمَلْ عَمَلاً صَالِحاً وَلا

(٤) (لقمان:٢٢)

(٥) البينة ٥

يُشْرِكْ بِعِبَادَةِ رَبِّهِ أَحَدًا)[٦] .

أبو أمامة ﷺ دەگێڕێتەوە: پیاوێك هاتەلای پێغەمبەر ﷺ و فەرمووی: كەسێك غەزای كردبێت بۆ بەدەست هێنانی ئەجرو پاداشت، وە هەروەها بۆ ئەوەش كە خەڵك باسی بكات و بناسرێت، ئایا حاڵی ئەو كەسە چی یە؟

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: هیچی دەست ناكەوێت، پیاوەكە سێ جار ئەمەی دووبارە كردەوە و پێغەمبەر ﷺ هەر فەرمووی (لاشيء)، واتا هیچی دەست ناكەوێت، ئینجا پێغەمبەر ﷺ فەرمووی پەروەردگار تەنها كارێك وەردەگرێت، كە بە ئیخلاسی و بۆ ڕەزای ئەو بێت .

پرسیار لە سەهلی كوڕی عبدالله التستري كرا: قورسترین كار لەسەر نەفس چییە؟. فەرمووی ئیخلاسە، چونكە هیچ بەشێكی نەفسی تێدا نیە. وەلەبەر ئەوەی نەفس مەدح وپلەو پایەو خۆ دەرخستنی دەوێت، بۆیە قورسترین كار پاك كرد نەوەی نیەتە، لەو هەموو هەواو ئارەزوانەی كە نەفس داوای دەكات . كەواتە ئیخلاس، بەشكاندنی نەفس وجێبەجێ نەكردنی ئارەزوەكانی دێتەدی وە ئەو كاتەش پاداشتی گەورەی لەسەر وەردەگیرێت، باكردەوە كەش زۆر بچووك بووبێت. چونكە جاری واهەیە خەڵكی زۆر بە عیبادەتێكەوە ماندوو دەبن و واش حیساب دەكەن كە ئیخلاس یان بە جێ هێنانەوە، كەچی لە ڕاستیدا پێی لەخۆ بایی بوون لە دونیاو، ڕەنج بەخەساری دواڕۆژن.

دەگێرنەوە لە پیاو ێك كە بەبەردەوامی لە ڕیزی پێشەوەی جەماعەت بووە، بەلام ڕۆژێكیان دواكەوت و كەوتە ڕیزی دواوە، زۆری پێ شەرم بوو خەجاڵەتی دایگرت، كە خەڵكی لە ڕیزی پشتەوە دەیبینن، بەلام لەو كاتەدا بەئاگا هاتەوە و بۆی دەركەوت كە تائێستا دڵخۆش بوونەكەی بەڕیزی پێشەوەتەنها لەبەر خوا نەبووە، بەڵكو و بۆ ڕیایی و بەرچاوی خەڵكیش بووە .

برای خوا پەرست ووریا بە، ڕەنج بە خەسار و ماڵ وێران نەبیت، بەوەی كە ڕیایی و بەرچاوی بخەیتە كارە كانتەوە. چونكە ئەوانەی بێ ئاگان لە ئیخلاس بەرپاكردن، شەیتان فریویان دەدات و وادەزانن كردەوەی مەقبول و گیرایان زۆرە، كاتێكیش لەدوا ڕۆژدا كردەوەكانی خۆیان پیشان دەدرێتەوە، ئاكامەكەی پێچەوانەی بۆچونیانە، چونكە ئیخلاس لە كارەكانیاندا

(٦) الكهف: من الآية:١١٠ .

نەبووە، هەروەکو پەروەردگار دەفەرمووێ:
(وَبَدَا لَهُمْ مِنَ اللَّهِ مَا لَمْ يَكُونُوا يَحْتَسِبُونَ . وَبَدَا لَهُمْ سَيِّئَاتُ مَا كَسَبُوا) (الزمر ٤٧)

واتە: لەدوا ڕۆژدا پەروەردگار پاداشتی کردەوەکانیان بەپێچەوانەی ویستی خۆیان دەداتەوە و، لەم ڕۆژەدا بۆیان دەردەکەوێت کە لە بری چاکە خراپەیان ئەنجام داوە و، قەرزدار بوونەتەوە.

وە هەروە ها دە فەرمووێت :
(قُلْ هَلْ نُنَبِّئُكُمْ بِالْأَخْسَرِينَ أَعْمَالاً . الَّذِينَ ضَلَّ سَعْيُهُمْ فِي الْحَيَاةِ الدُّنْيَا وَهُمْ يَحْسَبُونَ أَنَّهُمْ يُحْسِنُونَ صُنْعاً)[٧] .

واتە: پێتان ڕابگەیەنم ڕەنج بەخەساران کامانەن. ئەوانەن کەکردەوەکانیان بەفیڕۆ چووە لە دونیادا، لەکاتێك وا بۆ خۆیان حساب دەکەن کە چاکە یان ئەنجام داوە.

کەواتە با ئاگادار بین پێش کردنی هەر کارێك نیەتمان خاڵص و پاك بکەین بۆ پەروەردگار ، وە تاوەکو نیەتمان لەسەر کردەوەی چاك پاك تر بێت پاداشتی گەورەتر وەردەگرین. وە پەنا بەخوا بە پێچەوانەشەوە زەرەرمەندی دونیاو دوا ڕۆژ دەبین.

عومەری کوڕی خەتتاب ﷺ لە پێغەمبەرەوە ﷺ دەگێڕێتەوە کەفەرموویەتی :
[ إنما الأعمال بالنيّات وإنما لكل أمريءٍ مانوى].[٨]

وە ئیمامی شافیعی- ڕەحمەتی خوای لێ بێت - لەشەرحی ئەم حەدیسەدا فەرموویەتی :

واتە: گیرابوونی ئەو کردەوانەی کە موسوڵمان ئەنجامی دەدات، ئەگەر بێت و چاکەبن (العمل الصالح)، وەلەسەر سونەتی پێغەمبەر ﷺ بن، بەستراوەتەوە بەبوونی نیەتی صالح. وەئەمەش بنەمایەکی گرنگە لەشەریعەتی ئیسلامیدا.

(وإنما لكل امرئٍ ما نوى).

ئەمەیش بنەمایەکی ترە و، دووبارە بونەوەی بناغەکەی پێشوو نیە، بەڵکو ماناکەی ئەوەیە کە کەموو زۆری پاداشتی هەرکەسێك لەسەر کردەوە یەك کەئەنجامی دەدات، بەستراوەتەوە بە بوونی ئەو هەموو نیەتە پاکانەی کەتیایدا کۆکردۆتەوە. هەر بۆیە پێشینان فەرموویانە: (مامەڵەو بازرگانی زانایان بریتی یە، لە بازرگانی نیەت) .

(٧) الكهف(١٠٥،١٠٤)

(٨) البخاري (١) و مسلم.

واتە: هەر زانایان دەزانن چۆن بەندایەتی بـۆ پـەروەردگاریان بكـەن و، دەیشـزانن پاداشتی زۆر بەچی دەست دەكەوێت. بۆ تەنها عیبادەتێك، چەند نیەتێكی چاكی لێ دەهێنن.

بۆ نموونە : كاتێك بۆ مزگەوت دەچن بەنیەتی ئەوەی كەسەردانی ماڵی خوا دەكەن، وەبەنیەتی ئەوەی نوێژی جەماعەت بكەن، كەخێری بیست و حەوت هێندەی تاكە نوێژی هەیە، وەبەنیەتی ئەوەی كەگوێیان لە قورئان و فەرموودە بێ لەلای زانایان، وەبەهرە مەند بن بەفەرمان كردن بەچاكەو بەرگری كردن لە خراپە، وە بەنیەتی ئەوەی ئامۆژگاریەك بەبرای مووسوڵمانیان بگەیەنن، وە بەنیەتی ئەوەی دوور بكەونەوە لە گوناهو تاوان، لە شەرمی پەروەردگار.

زانایان فەرموویانە: زۆر جار كردەوەی زۆر بچوك نیەتی باش گەورەی دەكات، وە زۆر جاریش كردەوەیەكی زۆر گەورە نیەتی خراپ بچوكی دەكاتەوە.

وەزانای گەورە يحيى ابن كثير – ڕەحمەتی خوای لێ بێت – فەرموویەتی: فێری ئامادە كردنی نیەت ببن ولێی ورد ببنەوە، چونكە دیاری كردنی‌نیەت زۆر گرنگترە لە ئەنجام دانی كردەوە .

ئەنەسی كوڕی مالیك ﷛ دەفەرمووێ:

كاتێك پێغەمبەر ﷺ دەرچوو بۆغەزوەی تەبووك لەڕێگەدەیفەرموو : چەند كەسێك لەمەدینە بەجێ ماون ئێمە هەر شیوێكمان بڕی بێت، وەهەر خێرێكمان كردبێت، وەهەر ماندو بوون و ناڕەحەتییەكمان تووش بووبێت، ئەوان بەشدارن لەگەڵمان: صەحابە فەرموویان خۆ لەگەڵماندا نین؟.

پێغەمبەر ﷺ فەرمووی: عوزری شەرعی ڕێگەی لێ گرتوون لەهاتن . واتە بەهۆی نیەتی باشیان بەشدارن لەخێرەكەدا .

بەلأم ئەوەی جێگەی سەرنج و ئاگادار بوونە، دوای ئەوەی كەزانیمان نیەت چەند گرنگە بۆ كارەكانمان ، باشەیتان فریومان نەدا، وا تێ بگەین كەنیەتی باش لە كردەوەی خراپیش دا هەبێت دەیگێڕێت بەچاكەو، ڕێگە بەخۆمان بدەین بە ئەنجامدانی چەندین گوناهو تاوان بەبیانوی ئەوەی ئێمە نیەتمان باشە، وە بڵێین (إنما الأعمال بالنيات).

وە بابزانین زانایانمان چۆن مانای ئەم فەرموودەیەمان بۆ دیاری دەكەن و، چۆن

پـەیوە سـتی دەكـەن بـەدوو جـۆر لـە جۆرەكانی كردەوە (عمل):

یەكەمیان: (الطاعات)، كردەوە چاكەكان

وەدووەمیـان: (المباحـــات)، واتـە ئـەو كردەوانەی كەنەكردنیشیان گوناە نیە.

بـەلاَم جـۆری سـێیەم لـەكردەوەكان بریتیە لە:(المعاصي). واتـە: گونـاهو تـاوان كە واتای حەدیسـەكە ئـەم جۆری سـێیەمە ناگرێتەوەو نیەتی باش ئەم جۆرە كردەوانە كە گوناهن، ناگۆرێت بـۆ (مباح) یـاخود بـۆ (الطاعات).

## هەڵوەشێنەرەوەكانی ئیخلاص

خوێنـەری خۆشەویسـت : دوای ئـەوەی كـەزانیت پـەروەردگار هـیچ كارێـك وەرناگرێت، ئەگـەر تـەنها بەئیخلاصـی بـۆ ئەو نەكرێت، وەزانیـت هەقیقـەتی ئـیخلاس چیە و بەچی دێتە دی، هەروەها بزانە كـە چـەند كارێـك هەیـە ئـیخلاس هەڵـدەوە شـێننەوەو ڕەنجـت بـەفیرۆدەبات: لەوانـە خۆشویستنی دونیا وپلەو پایەو ڕیاو خـۆزلی و لەخۆ ڕازی بوون وەی تریش.

وە **ڕیـاش**، واتـە **بەرچـاوی** بریتـی یـە لەدەرخستنی عیبادەت، **بەمەبەستی دیتنی خەڵكی، بۆ ئەوەی سوپاسی بكەن و ڕێـزی لێبگرن، وە بەچاكە باسی بكەن.**

**(العُجب)** ، واتە **لەخۆ ڕازی بوون:**

ئـەوەش هـەر هاوشـێوەی ڕیایـە، بـەلاَم شیخ الإسلام ابن تیمیة جیاوازیـان دەكـات و دەفەرمووێت:

**ڕیا خەڵكی دانانە بەشەریكی خودا بەلاَم لەخۆ ڕازی بوون: نەفس دانـــانـــە بە شەریك بۆ خودا .**

باس كردنی ڕیاو لەخۆڕازی بوون باسێكی دوورو درێـژی دەوێـت، بـەلاَم ئـەوەی كـە مەبەستە لێرەدا باسی بكەین تـەنها سـەرنج ڕاكێشـانە بەچـەند كردەوەیـەك كـە زۆر شاراوەن و بەڕیایی دەژمێردرێن، هەرچەندە كەزوربـەی خـەڵكی بـێ ئاگایـە لێیـان و شەیتان فریوی داون و بەكردەوەی زۆر چاك و پاكی دەزانن، وە دڵیان زۆر پێ خۆشە بۆ دوا ڕۆژیان، خـوای گـەورە پـەنامان بـدات و دڵ و دەرونمان پاك بكاتەوە لێیان .

**كاری یەكەم** :

أبـو حامـدی غـەزالی لەباسـی ڕیـایی شاراوەدا فەرموویەتی:

(ریـایی زۆر شـاراوە ئەوەیـە، کـە بەنـدە عیبادەتەکانی بەشاراوەیی بکات و نەیەوێت خـەڵکی بزانێـت. بـەلاَم لەگـەڵ ئەوەشـدا، لەدڵیدا واحەز دەکات کە خەڵکی سەلام لـە ئـەو بکـەن و بـەڕێزو شـەرمەوە بەرامبـەری ڕابوەسـتن و وەئەگـەر کـارێکی هـەبوو، بـەزوویی بـۆی جێبـەجێ بکـەن و، لـەکاتی کـڕین و فرۆشـتندا، لـە خـەڵکی جیـا بکرێتەوە، وەشوێنی باشی بۆ دابندرێت لـە دانیشتن دا، وەئەگەر کەسێك کەمتەرخـەمی کرد لەو کارانەدا بەرامبـەری، لـە دڵدا زۆری پێ ناخۆش بێت، هەروەك پەنا بەخوا، بـەو عیبادەتانـەی کردویـەتی پلەیـەك لـە خـەڵی بەرزتر بووبێتەوەو پاداشتی عیبادەتەکانی لەخەڵی داوا بکاتەوە .

وە ئەم کارەو هاو شێوەکانی جۆرێکن لە جۆری ڕیایی شاراوە، کە زۆر بچوك تـرن لـە هـەنگاوی مێرولەیـەك لەشـەویکی تاریـك لـە سـەر بـەردێکی سـاف و لـوس، هـەروەك پێغەمبەر ﷺ فەرمانی پێ کردوین کۆشش بکەین، لە خۆ پاراستن لەو کارە ڕیاییانـەی دەیکـەین و زانیاریمـان پێیـەتی، وە پـەنا بگرین بە خوا لە لەو ڕیاییـە شـاراوانەی کـە بێ ئاگاین لێیان.

﴿اللهم إني أعوذ بك من أن أشرك بك و أنا أعلم واستغفرك لما لا أعلم﴾

**کاری دووەم :**

بریتـــی یـــە لـــەوەی کـــە ئـــیخلاس بکرێتەوەسـیلەیەك لەکردەوەکانـدا، بـۆ یەکێك لە ئامانج و ئاواتە دونیایە کان.

شيخ الاسلام إبن تيمية ڕەحمـەتی خـوای لەسەر بێ باسـی ئـەو دەر دەکوشـندەیەی کردوەو دەفەرموێت :

(جارێکیـان بـە ئـەبو حامـدی غـەزالیان ڕاگەیانـد، گوایـە هـەر کەسـێك چـل ڕۆژ ئیخلاسـی بـۆ خـوا بنوێنێـت، هـەموو سەرچـاوەکانی حیکمـەت لـەوەوە هەڵدەقولێت و حیکمـەت دەکەوێتـە سـەر زمانی، ئەبو حامیدیش فـەرمووی: مـن چـل ڕۆژەکـەم تـەواو کـردو هـیچ کەشـف و حیکمەتێکم بۆدڵ و دەروون نەهات ، ئینجا ئەو کارەی خۆمم بۆ یەکێك لە زانایان بـاس کرد، ئەویش گـوتی: (تـۆ ئیخلاسـەکەت بـۆ خوا نەبووە، بەڵکو بۆ ئەوە بووە ببیـت بـە حەکیم و لێزان لە دونیا) .

ئینجا إبن تيمية فەرمووی: ئەوەیش وەکو ئەوەیە، مرۆڤ مەبەستی لە ئیخلاس

گەیشتن بێت بە حیكمەت و زانستە شەرعیەكان، (واتە: ئیخلاص بكات بۆ ئەوەی ببێت بەعالم). یاخود گەیشتن بێت بە كەشف و كاریگەری (الكشف والتأثیر)، یاخود بۆ ئەوەی خەڵكی بەڕێز تەماشای بكەن و بە چاكە باسی بكەن، یاخود هەر ئامانجێكی تری دونیایی، چونكە ئەم كەسە باش دەزانێت، كە ئەو ئامانجانە بەڕێگەی ئیخلاس بەرپا كردن بۆ پەروەردگار دەست دەكەون ، بەلاَم شەیتان فریوی داوەو، وەسیلەی لێ كردووە بە ئامانج (الهدف). جا ئەو كەسە بۆئەوەی ببێت بە عالم، یان عارف یان بە هرەمەند بێت بە كەشف و كاریگەری لەسەر دەوروبەر. لەو كاتەدا ئیخلاسەكە بۆ خوا نەبووە، بەڵكو بۆ ئەو مەبەستە دونیایانە بووە. چونكە :

هەر كەسێك شتێك ئەنجام بدات ، بۆ ئەوەی بگات بە شتێكی تر، ئەوا دووەمیان بەئامانجی سەرەكی دادەندرێت نەك یەكەم.

### كاری سێهەم :

لە ڕیایە شاراوەكان، ئەوەیە كە إبن رجب رەحمەتی خوای لێبێت ئاگادارمان دەكاتەوە و دەفەرمووێت :

(ئالێرەدا خاڵێكی گرنگ هەیە، ئەویش ئەوەیە، هەندێ جار مرۆڤ زەم و سەرزەنشتی خۆی دەكات لەناوخەڵكی، مەبەستی پێی ئەوەیە خەڵكی بڵێن بەڕاستی پیاوێكی خۆ بەكەم گرو بەتەقوایە، تاوەكو پلەو پایەی لای ئەو خەڵكە بەرز بێتەوەو باسی چاكەی بكەن.

وەئەم كارەش یەكێكە لە جۆرە شاراوەكانی ڕیا.

پێشینانمان وورییان كردوینەوە لەم كارەو مطرفیكوڕی شەخیر دەفەرمووێ :

گەورەترین مەدح وڕیا هەڵدان بۆ نەفس ئەوەیە، تۆ لە ناوخەڵكیدا زەمی بكەیت و بیشكێنیت، بەلاَم لەدڵدا مەبەستت بەرز كردنەوەو بەچاك دانانی بێت .

## چارەسەر كردنی ڕیا

خوێنەری ئازیز دوای ئەوەی كەزانیت ڕیا چەند دەردێكی سەختەو، هەڵوەشێنەرەوەی كردەوەكانە، كەواتە پێویستە لەسەرت كۆشش بكەی بۆ چارەسەر كردنی، چونكە هیچ دەردێك نیە بەبێ دەرمان. زانایانمان زۆر چارەسەریان باس كردووەو ئێمەش باسی چەند دانەیەكیان دەكەین :

١/ گـەورەترینیان ئەوەیـە ، كـە داوای یارمـەتی لـە پـەروەردگار بكـەی دامـەزراوت بكـات لەسـەر ئـیخلاس و دوورت بگرێـت لـە ڕیاكـاری، وە زۆر بپاڕێیتـەوە لـە خـوا كـە پـەنات بـدات لـە شـیركی گـەورە و لا یەنـە شاراوەكان، كە ڕیاكاریە.

هەر وەكو پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(الشرك فيكم أخفى من دبيب النمل، و سأدلك على شيء إذا فعلته اذهب عنك صغار الشرك و كباره، فتقول: اللهمّ إني أعوذ بك أن أشرك بك وأنا أعلم، وأستغرك لما لا أعلم )[٩]

٢/ زۆر بیركردنـەوە لـە سـزاو و عاقیبەتی ڕیا لـە دواڕۆژدا.وە بیربكەینـەوە لەوەی كە یەكەم كـەس ئـاگری جەهەنـەمی پێ خۆش دەكرێت ڕیاكارانن، هەروەكو ئـەو سێ كەسەی كەئەبو هریرە لە پێغەمبەرەوە ﷺ بۆمان دەگێڕێتەوە.

٣/ هێنانـە بەرچـاوی بەخشـش ونـازو نیعمەتەكانی پـەروەردگارو وریـا كردنـەوەی نەفس بەوەی كـە مـرۆڤ هەرچـەندە خـۆ بـە گەورە بگرێـت، بەندەیـەكی لاوازو ملكەچـی پەروەردگارە. وە ئەگـەر بێـت و یـەك تاكـە هەناسـەی لـێ بگرێـت گیـانی لـە دەسـت دەدات

كەواتە خەڵكی شایەستەی ئەوە نـین كـە بكرێن بە شەریكی ﷲ و ڕیاییان بۆ بكرێت.

٤/ بـەخۆ داچـونەوەی عـەیب و كـەم و كورپـەكانی خـۆی، بـەوەی كـە نـەفس و شەیتان لە كردەوەكانیدا نەهێڵێت .

٥/ زۆر كردنی ئەو عیبادەتانـەی نادیـارن و كـەمتر جێگـەی ڕیایـان تێدایـە وەكـو شەونوێژ ، خێری پەنهان و گریان لە ترسـی خودا بەتەنهایی .

٦/ بـەجێ هێنـانی گـەورەیی بـۆ پەروەردگار، ئەویش بـە خـۆ ڕازاندنـەوە بـە تەوحیـد و پاڕانـەوە بـەناوو سـیفەتە پیرۆزەكانی خودا.

٧/ بـیر كردنـەوە لـە مـردن و قـەبر و عـەزابی نـاوی، وە لـەڕۆژی دوایـی و سـزاو ناڕەحەتیەكانی، كە مندالّ لە ترسناكی ئـەو ڕۆژەدا سەری سپی دەبێت .

٨/ بیر كردنەوە لە سـەرەنجامی ڕیـا لـە دونیـا، بـەجۆرێك دڵنیابیـت ڕیـا كردنەكـەت بێسودە بۆ دونیا، تەنها زەرەری دوا ڕۆژتی تێدایە، هەروەكو پێغەمبەر ﷺ فەرموویەتی:

(ئەگـەر هـەموو خـەڵكی كـۆ ببنـەوە بـۆ ئەوەی یـەك سـودت پـێ بگەیـەنن، نـاتوانن پێت بگەیەنن تەنها ئەوە نەبێت پەروەردگار بۆی نوسی بیت ).

(٩) ابن حبان(المجروحين)وله طرق(الداء والدواء) تحقيق الحلبي

## وریا كردنەوە لە چەند هەڵەیەك

زوربەی موسوڵمانان بۆ ڕزگار بوون لە ڕیاو عاقیبەتە خراپەكەی، بۆ بەرپا كردنی ئیخلاص، هەڵدەستن بەچەند كارێكی‌هەڵە، كە ئەمەیش لەڕاستیدا فریو دانێكی تری شەیتانە، خوای گەورە ڕێ نیشاندەرمان بێت بۆ كردنی عیبادەتەكان بەبێ ڕیا .

**هەڵەی یەكەم:**

**(وازهێنان لە عیبادەت لە ترسی ڕیا )**

جاری وا هەیە كەسێك بەردەوامە لەسەر جۆرە عیبادەتێك، یاخود كارێكی خێر، بەلام لەناكاو كارێكی ڕیای دێتە دڵەوە و، لەو ترسە واز لەعیبادەتەكە دەهێنێت، وە گومانی تێدا نیە كەئەوە هەڵەیە و لە سونەتی پێغەمبەر ﷺ نیە.

فضیل كوڕی عیاض ڕەحمەتی خودای لێ بێت، سەرنجمان بۆ ئەم كارە هەڵەیە ڕادەكێشێت و دەفەرمووێت: (ترك العمل لأجل الناس رياءٌ، والعمل من أجل الناس شرك، والإخلاص أن يعافيك الله منهما).

واتە: واز هێنانی عیبادەت لەبەر خەڵكی ڕیا كاریی یە، وە كردنی عیبادەتیش لەبەر خەڵكی شەریك بۆ خوا دانانە. وە ابن القيّم –ڕەحمەتی خودای لێ بێت–فەرموویەتی:

موسوڵمان، هەر كارێك، یا نوێژێك، یا ویردێكی مەشروعی هەبێت، با بەردەوام بێت لەسەری ئەگەر لەناو كۆمەڵێك خەڵكیشدا بێت، بەلام با ئاگاداری خۆی بێت شەیتان لە ڕێ لای نەدات. وە هەروەها دەفەرمووێت:

هەر كەسێك نەهی لە كارێكی مەشروع بكات تەنها لەبەر ئەوەی وا گومان دەبات كە ڕیا كاری تێكەوێت، ئەوا ئەو نەهی و بەرگری كردنەی لێ وەرناگرێت و بەسەری دادەدرێتەوە، چونكە:

١/ هیچ یەكێك لە عیبادەتە دیارە مەشروعەكان، وەك نوێژ و ڕۆژ و زەكات و حەج و ....، هیچ كەسێك ناتوانێت بەهیچ بیانویەك نەهی بكات لێیان، تەنها لەبەر ئەوەی توشی ڕیا دەبێت تیایدا، بەڵكو لەجیاتی ئەو هەڵەیە بافەرمانیان پێ بكرێت و ئیخلاسیشیان تێدا بەرپا بكرێت .

٢/ ئەم نەهی كردنە ڕێ خۆش كەرێ دەبێت بۆ ئەهلی شیرك و كوفر، كە لۆمەو سەرزەنشتی ئیمانداران بكەن لەسەر ئەوەی كە نوێژ دەكەن، یاخود حەج دەكەن، بەبیانووی ئەوەی ئەوە ڕیاكاریە، چونكە عیبادەتی دەرە كین، وەبەمەش هەموو عیبادەتێك و كارێكی خێر ڕادە گیرێت.

٣/ ئـــەم جـــۆرە بۆچـــونە، شـــیعاری مونافیقانە. هـەروەك چۆن پـەروەردگارمان دەفەرموێت:

(الَّذِينَ يَلْمِزُونَ الْمُطَّوِّعِينَ مِنَ الْمُؤْمِنِينَ فِي الصَّدَقَاتِ وَالَّذِينَ لَا يَجِدُونَ إِلَّا جُهْدَهُمْ فَيَسْخَرُونَ مِنْهُمْ سَخِرَ اللَّهُ مِنْهُمْ وَلَهُمْ عَذَابٌ أَلِيمٌ) [١٠].

## هەڵەی دووەم :

یەكێكی تر لەو كارانەی كەزۆر لە خەڵكی تێیدا بەهەڵەدا دەچن، بریتی یە لە"

**جیاوازی نەكردن لـە نێـوان : (ڕیـا) و (مطلق التشريك) واتە دوو نیـەت بـوون.**

كە پاشان زیاتر ڕوون دەبێتەوە .

لێرەدا هەنـدێ لـە خـەڵكی لێكیـان جیـا ناكەنەوەو، ئەو عیبادەتانە بە باطل دادەنێن كە بۆ خواو بۆ مەبەستێكی تریش دەكرێت، كە پەروەردگار ڕێگەی پێ دابێت.

بۆ نموونە كەسێك چوبێت بۆ حەج و، وە بەمەبەستی بازرگانی كردن، یاخود كەسێك بۆ جیهادی كافران بچێت و، وە بـۆ ئـەوەی غەنیمەتیشی دەست بكەوێت .

ئیمامی قەرافی جیاوازی نێوان ئەم دوانەمان بۆ ڕوون دەكاتـەوە و دەفـەرمووێت ڕیـا بریتی‌یـە لـەوەی، كـە كـارێكی شـەرعی ئـەنجام بـدرێت لەبـەر خـوداو بۆئـەوەی خـەڵكیش مـەدحی بكەن و، یاخود سـودێكی لێیانـەوە دەسـت بكەوێت .

بەڵام (مطلق التشريك) بریتی یـە لـەوەی جیهاد بۆ طاعەت و گوێڕایەڵی پـەروەردگار بكات، هەروەها ماڵی غەنیمەتیشـی دەسـت بكەوێت، وە ئەم نیەتە هـیچ زیـابێكی نیـە، وە حەرام نیە بە ئیجماعی زانایـان، چـونكە پـــەروەردگار دووەمیـــانی لـــە عیبـــادەتی جیهاددا بۆ خەڵكی حەڵاڵ كردوە.

وە جیـاوازی ئـەو كەسـە زۆرە لەگـەڵ ئەوەی جیهاد دەكات بۆ ئـەوەی پێـی بڵێن پیاوێكی ئازایە، وە یـان بـۆ ئـەوەی لـەماڵی موسوڵمانان ئەمیر شتێكی بداتێ.

وە لە ئیمـامی ابـــن تیمیـــة پرسـیار كـرا دەربارەی كەسێك قورئان ئەخوێنێتەوە بـۆ ئەوەی لەبیری نەچێتەوە، وە بۆ ئەوەش كە خێـــری خوێندنـــەوەی دەســـت بكـــەوێت، ئـــەویش فـــەرمووی : (ئەگـــەر قورئـــان خوێندنەوەكەی بۆ پـەروەردگار بێـت، ئـەوا پاداشت وەر دەگرێـت بەهـەر حاڵێـك بێـت، ئەگەر مەبەسـتی لـەبیر نەچونەوەش بێـت. چـــونكە لـــەبیر چـــونەوەش بـــە گونـــاه دەژمێردرێت، كەواتەپەنا گرتن لەو گوناهە، بەیەكێك لە كارە باشەكان دەژمێردرێت،

---

(١٠) (التوبة:٧٩)

ئینجـــا چـــۆن پاداشـــتی لەســـەر وەرناگرێت) .[١١]

## هەڵەی سێیەم:

ئیمام ابن قدامـــة دەفـەرموویت : جـاری وا هەیـە كەسـێك دەچـێتە نـاو كۆمـەڵێك عیبـــادەت وكـــاری خێـــرو شـــەونوێژو ڕۆژوگرتنیـــان زۆرە، ئینجـا ئـەو كەسـە هەڵدەسـتێت بـە كردنـی شـەو نوێـژو ڕۆژ و گرتن وەك ئەوان ، هەرچەندە لە جێی خۆی بە تەنیایی ئەم عیبادەتانەی بەم زۆریـە نـە دەكرد. لەوانەیـە كەسـێك گومـان ببـات كـە ئەمە ڕیاییە، بەڵام حوكمەكەی بەم جۆرە نیـەو پێویسـتی بـە ڕوون كردنـەوەی زیـاتر هەیە، چونكە هەموو ئیماندارێك لە دڵدا حەز دەكات كە زۆر عیبادەت بكات، بەڵام چـەند ڕێگرێـك لەبـەر دەمیـدا دروسـت دەبـن كـە ناتوانێـت وەكـو پێویسـت عیبـادە تـەكان ئەنجام بدات، وە كو مـاڵ ومنـداڵ و خێـزان وبێ ئاگایی و.....هتد.ەڵام كە لەو ڕێگرانە دوردەكەوێتەوەو تێكـەڵ بـەم پیـاو چاكانە دەبێت و ئەو ڕێگرانەشی لـە شـوێنی خـۆی هـــەبیوون نـــامێنن، هـــەڵ دەســـتێت بـــە ئەنجامدانی عیبادەتەكان وە كو ئەوان. ئەو كەسە با گوێ نەداتە وەسوەسەی شەیتان، وا گومان بەرێت ئەمەڕیایەو، بۆ لە جێگـەی خۆت نەت دەكرد[١٢] .

## هەڵەی چوارەم:

**جیـاوازی نەكردنــە لــە نێــوان خــۆش ویســتنی دەســەڵات و ســەركردەیی ، بــۆ هێنانەدی ئارەزوەكانی نەفس ، وە خۆش ویســتنی كارگرتنــە دەســت لــە پێنــاوی بانگەوازی كردن بۆ لای پەروەردگار .**

ابن القـــیم ڕەحمـەتی خـودای لـێ بێـت دەفــەرموویت : جیـاوازی لــە نێـوان ئــەم دوانـەدا جیـاوازی كردنـە لـەنێوان بەگـەورە دانانی فەرمانی خودا و بانگەوازی ئیسلامی، وە لـە نێـوان بـە گـەورە دانـانی نـەفس و كۆشش كردن بۆ گەیشتن بە ئاواتە كانی.

ئـەو كەسـەی دەیـەوێت پـەروەردگار بـە گەورە بگرێت، بانگەوازی بۆ دەكات و هەوڵ ئەدات قورئان و سونەت كاری پێ بكرێت لە ناو خەڵكیداو فەرمانەكانیان بهێنرێنە جێ و لە قەدەغەكراوەكانیشـیان خـۆ بپارێزرێـت. بــەوەی كــە ببێــت بــە ئیمـام و پێشــەوای خــەڵكی بــۆ هێنانــە دی ئــەو هــەدەف و ئامانجانە. هەروەكو دوعای پێغەمبەران كـە فەرمویانە:

(وَاجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَاماً).[١٣]

---

(١١) الفتاوى/ ١٣- ٤٢٣

(١٢)مختصرمنهاج القاصدين/٢٢٥. (١٣) (الفرقان: ٧٤)